# حكوومەتی ئێران چیی لە گیانی خەڵكی باشوری كوردستان و ئێراق دەوێ؟

**خەلیل غەزەڵی**

xelilXezel@yahoo.com

هەر پاش رووخانی سەدام حوسێن لە ئێراق، دەسەڵاتدارانی ئێران بەمەبەستی وەدی هێنانی خەونەكانیان، واتا دامەرزانی حكوومەتێك لە چەشنی خۆیان لەم ولاتە، هەوڵەكانی خۆیان بەرفراوانتر كرد . ئەوە بوو دەسبەجێ "سپای بەدر"یان پۆشتە و پەرداختە كرد و رەوانەی ئێراقیان كردەوە. هاوكات ژمارەیەك هێزی ئیسلامیی دەسكردی خۆیان و سەدان ملوێن دولار لە سامانی نەتەوەیی گەلانی دانیشتووی ئێران رەوانەی ئێراق كرد . ئەوە كارەشیان هەر لە ساڵی 92ەوە و پآش ئازد بوونی باشووری كوردستان( لە پرۆسەیەكی درێژ خایەن و بەرنامە دارێژراودا ) ئەنجام دابوو.

هێشتا ماوەیەكی كورت لە رووخانی سەدام تێنەپەریبوو كە هاواری ئامریكا و وڵاتە هاوپەیمانەكانی لە دەستیوەردانە كانی ئاخوندەكان لە ئێراق بەرزبووەوە .لەم بوارەدا تا ئێستا زۆرجار كاربەدەستانی ئامریكایی و بریتانیایی بە نیشاندانی بەڵگەوە ئێرانیان بە نانەوەی ئاژاوە و گێرە شێوێنی لە ئێراقدا تاوانبار كردووە. ئەم تاوانبار كردنە ئێستاش هەر بەردەوامە. ئەگەرچی ئیدیعای دەخالەتی حكومەتی ئێران لە كار و باری نێوخۆی ئێراقدا هەموو بە بەڵگەوە بوون ،بەلاَم هەموو جارێك دەسەڵاتدارانی ئێران ئەو دەستێوەردانانەیان رەت كردووەتەوە و هێندێك لە هێزە دەسكرد یا قەرزدارەكانیشی لە ئێراق بۆیان لە مل داوە و شایەتیان داوە كە ئێران "بێجگە لە خێر و خۆشی و ئازادیی ئێراقیەكان هیچی ناوێ" (لە قسە نەستەقەكانی مەجلیسی ئەعلای ئیسلامی و حیزبولدەعوە وحیزبە ئیسلامییەكان و جار و باریش رێبەرانی پارتی و یەكێیەتی)

لە بەرانبەردا ئامریكا و هاوپەیمانەكانی بەهۆی پێكهاتنی بشێوە و بێسەرەوبەرەیی لە نێوان پێكهاتەكانی ئێراق و چەقین لە هەلومەرجێكی دژواردا ، سەرەرِای دڵنیا بوون لە دەستێوەردانەكانی ئێران لەم وڵاتەدا، جار جار سووكە هەرِەشەیەكیان لە حكوومەتی ئێران كردووە ، بەلاَم تا ئێستا وایان نیشان داوە كەلە سەر هەرِەشەكانیان سوور نین . حكوومەتی ئێرانیش كە بەو مەسەلەیە زانیوە، پێی تاوانی زیاتر داكێشاوە و دەخالەتەكانی لە ئێراقدا بەرفراوانتر كردووە. تا ئەو جێگایە كە دەیەوێ تەنانەت سیستەمی پڕ لە تەقەلوب و تەزویرو ناعەدالەتیی هەڵبژاردنەكانی خۆی بگوێزێتەوە بۆ ئێراق. سیستەمێك كە تێدا ئەحمەدی نیژادی تیروریست لە سندووقەكانەوە دێنە دەرێ.

لەم پێوەندیەدا ئاژانسی هەواڵدەریی عێراق بڵاویکردەوە:هێزەکانی پاراستنی سنور لە ناوچەی (بەدرە)ی نزیك سنوری ئێران، رۆژی دووشەمە (12 12 2005) دەستیان بەسەر تانکەرێکدا گرتووە کە لە ئێرانەوە دزەی کردبووە ناو خاکی عێراق. ئەم کامیونە بە هەزاران فۆرمی ساختەی هەڵبژاردنی تێدا بووە.

هەروەها سەرچاوەیەك لەوەزارەتی ناوخۆی ئێراق لەگەڵ ئاشکراکردنی ئەو هەواڵە ڕایگەیاند:هێزەکانی پاراستنی سنور دەستیان بە سەر ئەو تەنکەرەدا گرت و شۆفێرەکەشی کە بەرەگەز ئێرانی بوو دەستگیرکرا. دوای پشكنین ژمارەیەکی زۆر فۆرمی تەقەلوبی ( تەزویر)لەناو تانکرە کەدا دۆزراوەتەوە. مەبەستیش ئەوە بووە پێنج شەممە (رۆژی هەڵبژاردن) بە قازانجی هێندێک لایەنی شیعە بەکار بهێنرێت . ئەو سەرچاوە هەروەها رایگەیاندووە کە شۆفیری تانکرەکە پاش لێکۆڵینەوە ڕایگەیاندوە کە "تەنیا نییە و ئاگای لە سێ کامیونی دیکە هەیە کە فورمی ساختەیان هێناوتە نێو ئێراقەوە" . ئەم سێ کامیونەش هەرکامەیان رەوانەی ناوچەکانی شەلەمچە ، کفری و خانەقین کراون .

پاشتر ڕاگەیەندرا کە پولیسی ئێراق بە هاوکاریی هێزەکانی ئامریکا کەوتونەتە گەڕان بۆ دیتنەوەی ئەو سێ کامیونەی دیکە . بەڵام تا ئێستا هیچ ئاگاداریەک بڵاو نەکراوەتەوە کە ئایا ئەو سێ کامیونە دۆزراونەتەوە یا نە . هەروەها ئەوەش روون نەکراوەتەوە کە حکوومەتی ئێران سەرجەم چەند کامیون بەرگەی تەزویری رەوانەی ئێراق و باشووری کوردستان کردووە . لەم نێوانەدا بە پێی هەواڵی رۆژنامەی "جەماوەر" هێزەکانی سەر بە دەسەڵاتی یەکێتی نیشتمانی لە سەرسنووری نێوان باشماخ(مەریوان) و بناوەسووتە (پێنجوێن) توانیویانە لە ئوتوموبیلێکدا دەس بە سەر ژمارەیەکی زۆر پوستێر و بەرگی ئیعلانی کەبۆ یەکگرتووی ئیسلامی جاپ کرابوو بگرن . ئەمانەی کە باسکرا تەنیا ئەو بەشەن کە ئاشکرا بوون. ئاخۆ چەندی دیکە و چەندەها کاری دیکەی لەم دەستە لە لایەن ئێران و بەکرێگیراوانی لە باشوری کوردستان و ناوچەکانی دیکەی ئێراق بەرێوە چووە،کەس نازانێ.

بەڕاستی حکوومەتی ئێران لە گیانی دانیشتوانی باشووری کوردستان و ئێراق چی دەوێ؟

کۆبوونەوەی هاوکاری و پیلانگیری لە گەڵ تورکییە و سووریە بەدژی باشوری کوردستان . ناردن یا ئاسانکاری و رێگەدان بە دەستە دەستە تێروریست کە بچنە نێو ئێراقەوە خەڵک بکوژن . خۆش کردنی بواری شەڕی ناوخۆیی وەک شەڕی شیعە و سوننی ، هاندانی عەرەب لە کوردان ، پێک هێنان و دابەستنی دەیان تاقمی بەکرێگیراو لە ئێراق و باشووری کوردستان و پستێوانی کردنی مادی و لوجستیکی کردنیان،ئەمانە کاری رۆژانەی دەسەڵاتدارانی ئێرانە. بێجگە لەمانەش بڵاو کردنەوەی تۆرێکی بەرینی جاسووسی ، دامەرزان و دابین کردنی دەیان و سەدان ناوەندی ئیسلامی و "فەرهەنگی !!" و ناردنی کتێبێکی زۆر ( بە کوردی و عەرەبی) بەمەبەستی بانگەشەی فیکری توندرەوی ئیسلامی بەشێکی دیکەی دەستێوەردانەکانی ئاخوندەکانە لە کوردستان و ئێراقدا . شان بە شانی ئەمەش بە رژاندنی پووڵ و پارەیەکی زۆر و پێک هێنانی تاقمی بەکرێگیراو توانیویە کۆمەڵگاکانی باشووری کوردستان و ئێراق شەق شەق و زیاتر دووبەرەکی بکات .

حکوومەتی ئێران لە بوارێکی دیکەشەوە دەستی چەپەڵ و پڕ لە تاوانی خۆی خستووەتە نێو ئێراق و باشووری کوردستانەوە .ئەویش بە رەوانەکردنی مادە سڕکەرەکانی وەک حەشیش و هێروئین و حەبی جۆر بە جۆری "نەشە" هێنەرە . لەم رێگەوە ژمارەیەکی زۆر لاو هەر لە خوارووی ئێراقەوە واتا لە بەسرەوە تا کەربەلا و سامرە و بەغدا هەروەها لە باشووری کوردستان موعتاد بوون . بەشێوەیەک بەرە بەرە ئەم دیاردە نالەبار و ماڵوێرانکەرە خەریکە دەبێتە جێگەی مەترسی. هەر لەم بوارەدا لە باشوری کوردستان (لە هەردوو ئیدارەکە) تا ئێستا بە دەیان بار و ئوتوموبیل و تاقم گیراون و دەسبەسەر کراون کە پێوەندیان بە قاچاخی ئەم مادانەوە بووە و هەمووشیان لە ئێرانەوە رەوانەی ئەو دیو کراون. ئەڵبەت هاوکات حکوومەتی ئێران رۆژهەڵاتی کوردستانیشی لە بیر نەکردووە و دەزگا ئەمنیەتی و ئینتیزامییەکانی بەردەوام خەریکی بڵاو کردنەوەی مادەی سەرخۆشکەرن . بە شێوەیەک ئیمڕۆ لە رۆژهەڵاتی کەردستان ، ئەم مادانە هەرزانتر لە ئاوی خواردنەوەن و چنگ خستنیان ئاسانترین کارە . کە ئەنجامی موعتاد بوون و بێکەڵک بوونی ژمارەیەکی زۆی لاوی کوردستانییە .

ئامانجی دەسەڵاتدارانی ئێران لەم کارانە پیش هەموو پاراستنی دەسەڵاتە پڕ لە تاوانەکەیانە . کە لە ڕێگەی سەرنەکەوتنی گەلانی ئێراق و بەتایبەت گەلی کورد(باشووری کوردستان) لە دیاریکردنی چارەنووسیاندا شوێنی گرتووە . حکوومەتی ئێران باش دەزانێ هەرچەشنە دەسکەوتێک لە باشوور، شوێن لەسەر هەموو پارچەکانی کوردستان دادەنێ. ئەوە نییە ،باشووری کوردستان بە دوو دەسەڵاتی دەڵەمەوە و بە قەبووڵکردنی بوونەوە بە ئێراقی ئەوەندە شووێن لەسەر بەشەکانی کوردستان دادەنێ . جا ئەگەر بێتو ئەم بەشەی کوردستان بە سەرکەوتنی زۆرتر و هەروەها سەقامگیریی بگات ،ئەوکات بێگومان وڵاتانی داگیرکەری بەشەکانی دەکەی کوردستان حاڵیان لە ئێستا شپرێوتر دەبێ . هەر ئەوەشە کە هانیان دەدات بە هەر سێوەیەک بووە پێش بە سەرکەوتنی ئەم بەشەی کوردستان بگرن .

لە لایەکی دیکەشەوە ئێراقێکی سکۆلار و دوور لە دیکتاتۆری مەترسییەک دەبێ بۆ دەسەڵاتە تۆتالیترەکەی تاران .بۆیە بەو ئەندازە هەوڵی تێک شکانی باشووری کوردستان دەدات ،ئەوەندەش هەوڵ دەدات سەقامگیری لە ئێراقدا پێک نەیەت . هەر ئەوەشە سەرەڕای ئەوەی کە باش دەزانێ جیهان تەحەمولی هیچ دەسەڵاتێکی دیکە لە چەشنی خۆی ناکات ، هەوڵدەدات بە بەکار هێنانی هێزەکانی شیعە ، وەک مەترسیەک بۆ سەرهەڵدانی بناژۆیی لە ئێراقدا، بە ئامانجەکانی بگات.ئامانجگەلێک کە روویان لە 1400 ساڵ پێشی مرۆڤایەتی و پشتیان لە سەردەم و مرۆڤایەتی و ئینسانییەتە.بۆیە تا ئەم دەسەڵاتە گیانی لە لەشدا بێ نەک هەر گەلانی دانیشتووی ئێران ،بەڵکە خەڵکانی ناوچە و بگرە دوور تریش رووی ئاسایش و هێمنی و بەختەوەری نابینن . هەر ئەوەشە نەمانی ئەم دەسەڵاتە دەبێ هەوڵ و ئاواتی هەر ئینسانێکی هاوچەرخ و ئازادی خواز بێت .

بەفرانباری 2705